# هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

## پەڕەی ڕاستییەکان # ٨
## چاودێرانی نێودەوڵەتی هەڵبژاردنەکان

**چاودێری هەڵبژاردنەکان چییە؟**
چاودێری هەڵبژاردنەکان کەسانێکی ئەندامن لە تیمی چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان ، ئەرکەکەی چاودێریکردنی هەموو قۆناغەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە و لە لایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق ڕێپێدراوە بۆ چاودێریکردن .

**تیمی نێودەوڵەتی چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان چییە؟**
گروپێکی نێودەوڵەتین لە لایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق تۆمارکراون بۆ چاودێریکردنی هەموو قۆناغەکانی هەڵبژاردنەکانی ١٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ، بە تۆماری دەنگدەران و تۆمارکردنی بەربژێرەکان و هەژمارکردنی دەنگەکان و ڕاگەیاندنی بەراِیی و کۆتایی ئەنجامەکان و هتد. کۆمسیۆنی باڵای سەبەخۆی هەلبژاردنەکان متمانە تەنها بە تیمەکان دەدات نەوەک بە تاکە کەسەکان .

**کام ڕێکخراوەی نێودەوڵەتی دەتوانێت داوا پێشکەش بکات بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران ؟**
هەموو نوێنەرایەتیە نێودەوڵەتییەکانی وەک باڵوێزخانە و کونسوڵخانە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان یانیش لقەکانیان و هەروەها ڕێکخراوە بیانییەکان و یانیش لقەکانیان کە لە عێراق تۆمارکراون و هەر لەوێش کاردەکەن دەتوانن داواکاری پێشکەش بکەن . هەروەها دەستەی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیش لە عێراق مافی ئەوەی هەیە داوەتنامە بە مەبەستی چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان بنێرێ بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە کاروباری هەڵبژاردنەکان .

**کام دامەزراوە دەسەڵاتی تۆمارکردن و متمانەدانی هەیە بە تیمە نێودەوڵەتییەکانی چاودێری ؟**
پێویستە تیمە نێودەوڵەتییەکانی چاودیریی داواکاریەکانی تۆمارکردن و متمانە وەرگرتن پێشکەشی نووسینگەی نیشتمانی یانیش نووسینگەی هەرێمی کوردستانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بکەن . دەستەی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی باڵا دوای بینینی داواکارییەکان متمانە دەداتە چاودێران .

**چۆن داواکاری تۆمارکردن و متمانە وەرگرتنی تیمی چاودێریکردنی نێودەوڵەتی پێشکەش دەکرێت ؟**
تیمی چاودێریکردنی نێودەوڵەتی پێویستە داواکارییەکی فەرمی بە ناوی دامەزراوەکە پێشکەش بکا تیایدا ناو و وێنەی پاسەپۆرت یاخود ناسنامەی هەموو ئەندامانی تیمەکەی تێدا بێت و هەروەها پیویستە وینەیەک لە بروانامەی تۆمارکردنی ڕێکخراوەکە لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی سەر بە ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ داواکارییەکە هاوپێچ بکات،ئەگەر تیمە نێودەوڵەتییەکە لە عێراق وەکو ڕێکخراوێکی بیانی تۆمار کرابوو یانیش لقی لە عێراق هەبوو . وێڕای وێنەیەک لە هەردوو فۆڕمی ١٣١ و ١٣٢ کە پێشتر پێشکەشی نووسینگەی نیشتمانی یانیش نووسینگەی هەرێمی کوردستانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق کراوە.

**کەی داواکاری تۆمارکردن و متمانە وەرگرتنی تیمی چاودێریکردنی نێودەوڵەتی پێشکەش دەکرێت ؟**
پەنجەرەی پێشکەشی کردنی داواکارییەکانی تۆمارکردن و متمانە وەرگرتنی تیمە نێودەوڵەتیەکانی چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان لە مانگی تەموزی ٢٠٢١ ەوە والا کراوە و تا ڕۆژی ٨ی تشرینی یەکەم بەردەوام دەبێت .

**ئایا هیچ ڕەفتارنامەیەکی تایبەت بە چاودێرانی نێودەوڵەتی هەڵبژاردنەکان هەیە ؟**
بەڵێ ، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕەفتارنامەیەکی تایبەتی بە چاودێرانی هەڵبژاردنەکان پەسند کردووە . پێویستە چاودێران واژۆی لەسەر بکەن وپێوەی پابەند بن . ڕێگا بە چاودێرانی نێودەوڵەتی نادرێت دەستێوەردان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بکەن . کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان مافی ڕەشکردنەوەی تۆمار و متمانە لێسەندنەوەی لە هەر تیمێکی چاودێری یانیش هەرچاودێرێک هەیە کە ڕفتارنامەکە پێشێل بکا .

**ئایا هیچ بەربەستێک لە بەرامبەر جوڵەی تیمەکانی چاودێریکردن هەیە ؟**
نەخێر ، تیمەکانی چاودێریکردن ئازادی تەواوی جوڵەکردنیان هەیە لە نێوان ناوەندەکانی دەنگدان و وێستگەکانی دەنگدان ، دوای نیشاندانی باجەکانی متمانە کە لە کۆمسیۆنی باڵا دەرچووە ، بە مەرجێک کاریگەری لەسەر بەڕێوەچوونی پرۆسەی دەنگدان نەبێت .

**ئایا تیمەکانی چاودێریکردن بۆیان هەیە وەرگێڕ و کارمەندی ئاسایشیان لەگەڵ بێت؟**
بەڵێ ، تیمەکانی چاودێریکردن بۆیان هەیە وەرگێڕ و کارمەندی ئاسایشیان یاوەر بێت ، ئەمەش بەگوێرەی ڕێسا و ڕێنمایی و ڕێوشوێنەکانی هەڵبژاردنەکان کە لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە دەرچوون ، بەڵام کارمەندانی ئاسایش ڕێگایان پێنادرێت بە چەکەکانیانەوە بچنە نێو بنکە و وێستگەکانی دەنگدان.

**ئایا چاودێرە نێودەوڵەتییەکانی هەڵبژاردنەکان دەتوانن سکاڵا و تانەی پەیوەست بە هەڵبژاردنەکان پێشکەش بکەن ؟**
نەخێر ، چاودێرە نێودەوڵەتییەکانی هەڵبژاردنەکان ناتوانن سکاڵا و تانەی پەیوەست بە هەڵبژاردنەکان پێشکەش بکەن ، ئەوان دەتوانن ڕاپۆرت دەربارەی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان و هەر پێشێلکارییەک پێشکەشی کۆمسیۆنی باڵا یانیش دەزگاکانی خۆیان بکەن.

**چۆن خەرجییەکانی تیمەکانی چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان دابین دەکرێت ؟**
گشت خەرجییەکانی هەر تیمێکی چاودێریکردنی متمانە پێکراو لەماوەی مانەوەی لە عێراق ئەستۆی خۆیەتی بە جەرجییەکانی ڕاهێنان و گواستنەوە و پەیوەندیکردن و مانەوە و ئاسایشیشەوە.

**چۆن کۆمسیۆنی باڵا سوود لە ڕاپۆرتەکانی تیمەکانی چاودێریکردن وەردەگرێ ؟**

وا پێشبینی دەکرێت ، تیمەکانی چاودێریکردن تێبینیەکانیان پێشکەش بە ڕێکخراوەکانیان دەکەن ، پێویستە ڕێکخراوەکانیش ڕاپۆرتی کۆتایی پێشکەش بە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بکەن ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆکار بۆ پێشوەچوونی کۆمسێۆن و باشترکردنی لە ئایندەدا .